شەبەنگ

ئەزموون.. بەروارد.. هەڵسەنگاندن



مەحمود زامدار

* لە پەرگرافێکی پێشەکییەکەیدا دەڵێ: «بۆ ئەوەی گەندەڵی تەنگەتاو بکرێ، پێویستە تەنیا خەریکی ئەوە بین چۆن گەل و وڵاتەکەمان پێشبکەوێ، کە ئەمەش بەرزترین پلەی وشیارییە.. بۆ بەڕێوەبردنی شیاو بۆ کارگێڕی بە تواناو ماقووڵ پێویست دەکا ئیدارە کار بکا لەسەر نەخشەو پلان و ڕێکخستن و سەرکردایەتی و چاودێری، بەمەش هەموو ئەرکەکانی کاروباری ئیدارە ئەنجام دەدرێ.. تاد»

* لە بڵاوکراوەکان یەکیەتی پەرلەمانتارانی کوردستان و بە ژمارە (٥) کتێبی ڕۆشنبیری و بەسەر ناوی (ئیدارەی گشتی- چەمک و ریفۆرم) و بە خامەی بە بڕشتی برای نووسەرو ڕووناکبیرو تێکۆشەر کاک (نیعمەت عەبدوڵڵا)و بە دیزاینێکی ڕێک و پێک و جوانی بەرگ و ناوەوەو بە (٢٩٦) لاپەڕەی قەبارەدار بە چاپێکی پاکی چاپخانەی مناره، لەم ڕۆژانە ئەم بەرهەمە بەپێزە کەوتە دەست خوێنەرو ڕۆشنبیرو سیاسیان و کەلێنێکی باشی لە کتێبخانەی کوردی پڕکردەوە، پێڕستی ئەم کتێبە واکەوتۆتەوە، کە بریتییە لە (١٠) بەش:

* چەمکی کارگێڕی.
* ڕێکخراوەکان و پلانەکانی سەرکەوتن
* میکانیزمی کارکردن لە دامودەزگاکان
* گۆڕانکاری و ئیدارەدانی ڕکابەرییەکان
* گەندەڵی
* دەوڵەت- قەوارەی سیاسی
* ژیان لە سایەی بێ یاسایی و سەروەری
* وەگەڕخستنی سەرمایەی بیانی
* پەروەردە ماڵی هەمووان
* بودجەو چاودێری و وردبینی

* لە بەشی (٥) و لە تەوەری (گەندەڵی)دا دەڵێ: «ئەگەر باس لە ئیدارەی دەوڵەت بکەین، ئەوا گرنگە ئیدارەش لە هەندێ بواری تر باس بکەین، ئەم گەندەڵییە چ دارایی چ ئیداری بێ کار دەکاتە سەر ئابووری و شێواندنی سیستەمی ژیانی کۆمەڵگەو دەخرێتە ژێر باری گرانی و قات و قڕی، وەک ئەوەی لە زۆر دەوڵەتانی جیهاندا باوە کە دەسەڵات بەشێکە لەو گەندەڵییە... گەندەڵیش لەبەر چەند هۆیەکی بنەڕەتی مەترسیدارە:

* بودجەی سەرلێشێواو
* نەبوونی خزمەتگوزارییەکان
* بەرزبوونەوەی نرخ
* ڕێگرە لەبەردەم هەنگاونان
* لاوازبوونی سیستەمی دیموکراتی
* سەقامگیر نەبوونی ئاشتی و ئارامی
* بڕەودانە بە توندو تیژی
* گەندەڵەکان سەروەر دەبن
* دژایەتی ڕاگەیاندن و دەسەڵاتی چوارەم دەکا
* کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆر دەکا
* بازاڕ لاواز دەکا و دەیشکێنێ
* نەخۆشییەکانی سەردەم و هەژاری و قات و قڕی بڵاو دەکا
* وەبەرهێنان لاواز دەکا
* ئاستی زانستی نزم دەکا
* بەرپرسیاری ون دەکا
* بێگانەو کۆمپانیاکان دەست لە کاروباری وڵات وەردەدەن
* مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتە گەندەڵەکان
* تاک و کۆی کۆمەڵگە دەشکێنێ
* خزمەتگوزارییەکان بێ بایەخ دەکا
* دەبێتە هۆی چاولێکەری بۆ گەندەڵی
* متمانە و بڕوا ناهێڵێ
* بازاڕی کڕین و فرۆشتن گەندەڵ دەکا
* یاساکان بێ بایەخ دەبن
* دەبێتە لاوازی شیرازەی ڕێکخستنی ناوەخۆ
* ڕۆتین تەشەنە دەکا

* هەموو بوارەکانی: پەروەردە، ڕەوشت، کولتوور، زانست، ئابووری، بازرگانی، تەندروستی، کشتوکاڵ، دەتەنێتەوە

* کۆمەڵگە کۆت و بەند دەکاو ترس و تۆقاندن بەسەریدا زاڵ دەبێ.. تاد.

* ئەم نامە بە نرخ و پڕ بەهایە کە شایستەی دکتۆرایە، پشتی بە (٣٢) سەرچاوەی عەرەبی و وەرگێڕاو (٨) سەرچاوەی کوردی هەرە گرنگ و پڕ لە وردەکاری بەستووە، بەڕای من ئەبێ وەک ئیداری و سیاسییەکان دەیخوێننەوە و ڕۆشنبیران خۆیان زیاتر پێ ڕۆشنبیرتر دەکەن، ئەوا لە هەمان کات دەبێتە سەرچاوەیەکی یەکجار دەگمەنیش بۆ قوتابییانی کۆلێژەکانی ئیدارەو ئابووری و یاساو ڕامیاری.

* هەر ماندوو نەبی و نەڕزێ خامەت کاکە (نیعمەت).

جەژنی کریسمیس

کابان عەبدولکەریم شێخ عەلی
مامۆستای زانکۆ

وشەی کریسمیس Christmas لەدووبەش پێکهاتووە بەشی یەکەم Christ واتە دڵسۆز نازناوی حەزرەتی عیسا (د) بەشی دووەم mas ئەوەش وشەیێکی وەرگیراوە لەزمانی میسری کۆنی سەردەمی فیرعەونییەکان واتای لەدایکبوون دەبەخشێت.

ئەوەی کە باوە لە ٢٥ ی دیسێمبەری هەر ساڵێک مەسیحییەکان دەست دەکەن بە ئاهەنگ گێڕان بۆ یادکردنەوەی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا لەگەڵ ئەوەی رای جیاواز هەیە لەنێوان مێژوونووسان و توێژەران لەسەر مێژووی رۆژی لەدایکبوونی، بەڵام مەسیحییەکان هەر لەکۆنەوە ٢٥ ی دیسێمبەریان دانا بە رۆژی لەدایکبوونی، ئێمە هەموومان دەزانین کەوا حەزرەتی عیسا بەشێوەیێکی موعجیزە ئاسا لەدایکبووە، هەر بۆیەش لەدایکبوونی بەنوختە گۆڕانێکی دیاری مێژوویی دابنرێت، حەزرەتی عیسا لە فەلەستین لەدەڤەری جلیل لەشاری ناصرە لەدایکبووە، لەبەر ئەوەی بەپێغەمبەرایەتی لەدایکبوو بۆیە چەند رەفتارێک و گوفتارێکی موعجیزانەی نواند وەکو قسەکردن پاش چەند رۆژێک بە لەدایکبوونی هەروەکو لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت (قال اني عبدالله اتني الكتاب و جعلني نبيا) سورتی مریم/ ٣٠) چونکە خودای گەورە بەپیرۆزی دانا بۆیەش هەر خۆی بە خەڵکەکەی گوت: (وجعلني مباركا اين ماكنت واوصاني بالصلاة والذكاه مادمت حيا)(سورەتی مریم/ ٣١)، هەروەها لەو معجزانەی لەسەر دەستی رووبدا ئەویش چاکبوونەوەی کۆرە واتا نابینا و قەمبوور و بەڵەک و گوڕی! قورئانیش ئاماژەی بەوە کردووە، لە ئینجیلیش ئاماژەکراوە کە لەگەڵ لەدایکبوونی فریشتە بەدەرکەوتن نزا و پاڕانەوەیان کردووە و گوتوویانە (سەروەری بۆ خودا لە بەرزایی دا و سەلام لە زەوی و خوشنوودی بۆ خەڵک) (ئینجیل لوقا ٢:١٤)، هەر لە ئینجلیش باس لەهەندێک لەپەرجوەکانی مەسیح کراوە.

رۆژی ١٢/٢٥ لەلای مەسیحییەکان بە جەژن دانراوە بۆ یادکردنەوەی رۆژی لەدایکبوونی مەسیح ئەم رۆژە لەلای کاثۆلیک و برۆتستانتەکانە، بەڵام ئاینزای ارثذوکس لە رۆژانی ٦و١/٧ ئەم یادە دەکەنەوە، یەکەمجار ئەم یادە لەسەردەمی ئیمپراتۆر قسطنطین بوو کرایەوە لەسەدەی چوارەمی زایینی بوو، لە رێورەسمی ئەم جەژنە ئاهەنگ دەگێڕن و ناخەون و واتە ئەو شەوە ئێشکگرن و تا سبەینێ و بەرەبەیانی رۆژی دووەم واتە ١٢/٢٦ چونکە دەڵێن حەزرەتی مەسیح بەشەو لەدایکبووە هەروەها دەڵێن لەگەڵ هەڵاتنی خۆر و دەرچوونی یەکەم تیشک لێی ئەوە حەزرەتی مەسیح لە (قداس الهی) (جۆرە رێورەسمێکە) ئامادەیە، هەروەها بەر لە رۆژی ١٢/٢٥ دار دەڕازێننەوە و ئەم دارە هەروەک خۆی دەمێنێ تاوەکو رۆژی ١/٦ لەبارەی بنەچەی رازاندنەوەی ئەم دارە سەرچاوەکان ئاماژە دەکەن بەوەی کە لەسەدەکانی ناوەڕاست، لە ئەڵمانیا کە بەناوبانگە بەدارستانە (سنۆبەرییەکانی) دابونەریتیان وابووە کە هەموو ساڵێ لەرۆژی ١٢/٢٥ دار سنۆبەرەکانیان دەڕازاندەوە و ئاهەنگیان دەگێڕا و قوربانیان دەکرد بۆ خوداوەندی (تور) کە خوداوەندی دارستان و بروسک بوو لەلای ئەوان و مرۆڤیان بۆ دەکرد بە قوربانی، ئاماژە بەوە کراوە کە لەنێوان ساڵانی (٧٣٢/٧٢٧) زایینی یەکێک لە پاپاکان رووی کردۆتە ئەڵمانیا بینی کە چۆن داریان رازاندۆتەوە و قوربانی پێشکەش دەکەن سەرنجیدا کە ئەم جارە قوربانییەکە کوڕی یەکێک لە میرەکانە بۆیە خێرا چوو کوڕەکەی لەبن دەستیان دەرهێنا و گوتی: (خودا وا نالێ خودا زیندووە خودای ئاشتییە و خودا دڵسۆزە و هیچ کاتێک فەرمانی بەخەڵک نەکردووە تووند و تیژبێ) بۆیە داوایکرد کەوا خەڵک واز لەم کارانە بێنن و دارەکان ببڕن و خەڵکی ئەم ناوچەیەش دارەکانیان بڕی و بردیانەوە ماڵەوە و رازاندیانەوە و ئینجا ئەمە بوو بە خوویەک لەلایان و ئەم عادەتە بەرەبەرە لە وڵاتان بڵاوبۆوە و بووە هێمایەک بۆ لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح ئەمەش پێی دەگوترێ: (درەختی کریسمیس) بەڵام جەژنی سەری ساڵ کەپێشی دەڵێن (جەژنی خەتەنە) واتە ١/١ ئەم جەژنەش یادکردنەوەی ئەوەیە کە حەزرەتی مەسیح لەتەمەنی هەشت ٨ رۆژی خەتەنەکرا کە دەکاتە ١/١ چونکە ئەمە واجبێک بوو لەلایەن خودا و لەسەر جولەکەکان بۆیە ئەویش خەتەنەکرا، چونکە لەنێو کۆمەڵگایەکی جوولەکە لەدایکبوو، دەگوترێ هەر هەمان رۆژیش واتە ١/١ تعمید کرا کە بەمانای لەئاو هەڵکێشان دێ لەسەر دەستی پێغەمبەر یەحیا بوو.

بەمشێوەیە بەرز راگرتنی ١٢/٢٥ ی هەر ساڵێک یادکردنەوەی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیحە کە ئاهەنگەکان بەردەوام دەبن و تێکەڵ بەیادی ١/١ دەکەین کە لەم رۆژەدا حەزرەتی مەسیح خەتەنە و تعمید کراوە کە یەکەمیان ترادسیۆنێکی جولەکەکانە و دووەمیشیان یەک لەپایە و بنچینەییەکانی ئایینی مەسیحییە.

خانمە کەم

ئەی خانمە کەم ڕووت لەمن کرد
ئەوجارم لە دەرگای دڵی منت دا
نازانم چیت پێ بڵێم ، بەچی باسکت بکەم
سەرم لێشێواوە لەو ناوەختەدا

یووسف عەبدولقادر
١٩٩٥ - هەولێر

وازم لێهێنە گیانە بیر بکەمەوە لەو ژیانە
لەفرمێسک و ژان ئاهو ناڵەو گریان
لەپەیوەندی خەیاڵ ناخۆشی شەوانی تاڵ
تۆخۆا گیانە ئازارم مەدە مەلی خەیاڵم لەدەست مەدە
باهەر بەخەیاڵ بژیم هەتاکو هەم
وەک عاشقێکی دڵ ناسکی بەئاهو خەم
گیانە مەلی ئاواتم مەکوژە شەرابی مەرگم پێ مەنۆشە
لێم گەڕێ بژیم هەر بەخەیاڵ بەدوای عەشقت ژیانم لێ مەکەتاڵ
گیانەکەم .. خۆمن یووسفی کەنغانی نەبووم
ژوورەکانی کۆشکی دڵت بۆم بکەنە پەیکەر
جلی هەژارم بدرێنی خۆشی ژیانم لێ بستێنی
بەشاڵاوی حەزت زینداخم کەی
بەئاهی خۆشەویستیت سەرگەردانم کەی
ئەی خانمە کەم ، ئەی شاژنی جوان ، ئەی ئامرۆتی ڕەوان
وانەزانی من مرۆڤ نیم لەئاهی دڵ بەئازار نیم
خۆنەدەزانی ڕۆژێک داوێت وبەدیلی خۆشەویستیت
چونکە گیانە ، لەیەکەم هەنگاو ، یەکەم نیگا ، لەیەکەم شەوا
تیری حەزت لەدڵدا چەقا نەمامی خۆشەویستیت تیادا ڕوا
ئێستاش چارەم نەما خۆشەویستیت گەورەتر بوو

بەرەو دونیایەکی تازەم دەبا
خۆمن دوژمنی تۆ نەبوم وات لێکردم
بەتەلیسمی خۆشەویستیت دیلیت کردم
لەدەریای چاوەڕەشەکانت وناتا کردم
بۆلێیم نەگەڕای بەئارامی بژیم لێیت تاڵ کردم ژینی سەرتاسەریم
لەدوای گەیشتمی نامەکەت نامەکەی پڕ لە ئاهەکەت
پێیت گوتم لەژیانی ڕابردووماندا پەشیمان بووم ، من هەڵە بووم
ماوەیەکە وەک دەروێشێکی پەرستگای خەلوەتی تۆ
پەناکە بردۆتە بەر مێحرابی ئەو دڵە گەورەیەت
ڕووی کردە ئەو پەرستگایە پیرۆزەت
بۆئەوەی هەڵەکانم ، گوناهەکانم
بەسوجدە بردن بۆ خۆشەویستیەکی پیرۆز بشۆمەوە
دڵۆپێک لە بەهەشتی ئەو مێحرابە بخۆمەوە
گیانە ، بۆ دواجار گوێم لێبگرە دەتپەرستم لەو خەیاڵە بێ سنورە
لەوشەوە بێ ئارامە خامۆشە هەموو شتێکم لا نەماوەتەوە
تەنیا تۆی بۆ هەمیشە
گیانە بەرەو پەیانە بەر لە بانگی مزگەوت زەنگی کەنیسە
ئاهو ناڵەی من دینارەکان بەئاگا دێنێ
بۆئەوەی ڕوو لە مێحرابی خوا بکەن
سەرمە ستەکان دووبارە ڕوو لە دەرگای خەمەکان بکەن
بڕوا بکە خاتوونەکەم من بەئاگا بووم
خەریکی پەرستنی تۆ بووم
دڵنیابە گیانە
تۆ سوتانی عەرشی دڵی منی
خۆشەویستی بەسۆزی منی
هەستی ناسکی منی
ڕووناکی هەردوو چاوی منی
گیانە تۆ بخەوە بەئارامی
منیش دەڕۆم ، دەڕۆم بە تەنیایی

له ژمارەی دادێ..
د.زاهدی مامۆستای زانکۆ
له تاران سەبارەت بە
فەلسەفەو تێڕوانینی بۆ
ژیان له چاوپێکەوتنێکدا
تایبەت بە گۆڤاری
هەرێمی کوردستان دەدوێ.

نامەیەک بۆ میهرەبان

دەق/ شاهین فەرهەنگ

ناتەوێت دەستپێبکەیت!
نەکا دیسانەوە بڵێیت: لەسبەینێوە!
یاخود بڵێیت: ئەوجارەیان ئیدی بڕیارێکی یەکلا کەرەوەم داوە!
نەکا وەختێک بێتە پێشێ و، پێتوابێت هیچ لەژیانەوە فێرنەبوویت!
خۆشەویستی دڵم،
کەچاوەکانت بنوقێنی و بیانکەیتەوە، دەبینی تەمەنێک تێپەڕیوەو هێشتاش تۆ هەر دەڵێیت: لەسبەینێوە...
نەء! تۆ شایستەی زۆر لەشتە جوان و پاکیزە و ناسکەکانیت، شایستەی هەرە باشترینەکانی.... تەنها ئەوەندە بەسە کەئیدی نەڵێیت:
(لەسبەینێوە!)، ئاخر ئەمڕۆش هەمان ئەو سبەینێ یەیە کەدوێنێ لەچاوەڕوانیدا بوویت ! کەوایە هەر لەئێستاوە ئەوە هەڵبژێرە کەببیتە براوەو، لەئاوەکە بدەیت!
بەڵێ... لەئاوەکە بدە...
هاوڕێ یەک دەیگووت ڕۆژێکیان منداڵێکم بینی، تۆپە لاستیکەکەی کەوتبووە نێو جۆگەلە ئاوێکی پان و پۆڕ و تەنکاوی نزیک ڕاستە شەقامێک، ئەویش هاوتای ڕێڕەوی جووڵەی تۆپەکە دەڕۆیشت و، بەحەسرەتەوە لەتۆپە لەکیسچووەکەی خۆی دەڕوانی.
هاوڕێکەم دەیگوت چوومە بەردەمی و پێم گوت:
– نەتویست سەبارەت بەتۆپەکەت بیرێک بکەیتەوە؟
ئەویش بەخەمبارییەوە گوتی:
– ئاخر ناکرێت!
پێم گوت:
– چاک بنوارە، ئا لەوێدا دارێکی درێژی لێ یە، تۆپەکەشت تادێ بەرەو لای وی دەچێت. بۆیە ئەگەر لەپردەکە بپەڕیتەوەو، بچێتە ئەوبەر، دەتوانێت تۆپەکە بەو دارە بۆ لای قەراغەکە ڕێنوێنی بکەیت و، هەڵیبگریتەوە!
پاشان لەسەرخۆ شتێکی ترم بەگوێیدا چرپاند:
– ئەگەر زۆر بەلاتەوە گرنگ و بەبایەخە و، بە دارەکە نەتتوانی دەریبهێنیتەوە، لەئاوەکە بدەو، هەڵیبگرەوە.
بروسکەی ئەو شادمانیەی کە لە نێو چاوەکانی ئەو منداڵەدا پەیدا بوو، بارودۆخی منی گۆڕی و، هەر ئەوەندەم دی کەخۆی فڕێدایە نێو جۆگە ئاوەکە، تاتۆپەکە بەدەست بهێنیتەوە.
لەو کاتەدا بیرم لەوە دەکردەوە کەهەموومان بەجۆرێک لەجۆرەکان دیلی هەندێک لەترس و دڵە ڕاوکێکانمانین. ئەو دڵەڕاوکێیانەی دلێری هەنگاونانمان بۆ گەیشتن بەئارەزووە جوان و شیرین و بەنرخەکانمان لێ زەوت دەکەن و، ئەگەر ملکەچیان بین، بێجگە لە حەسرەت و خەم و دڵشکان ئەنجامێکی ترمان پێنابەخشن.
لەوانەیە ئەومنداڵە بچووکە لەوە ترسابێت کە جل و بەرگەکانی تەڕو پیس و قوڕاوی بن و، لەگەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە، پیایدا هەڵناخشێن کەوا بۆچی لەپێناوی تۆپێکی هیچدا وای بەسەر خۆی هێناوە!
بەڵام جار هەیە شتێک ئەوەندە بۆمان گرنگ و بەبایەخ دەبێت، بەهای ئەوەمان لا دروست دەکات کە لەپێناویدا لەئاوەکە بدەین... ئەوەش بزانە، ئەگەر لەئێستاوە لەئاوەکە نەدەین، یەکێک لەتۆپەکانی ژیانمان لەکیسدەچێت!
کەوایە.....
ئاخ، کەقسەم زۆر پێیەو، کارو بەرنامەشم زۆرن بۆ تۆ، میهرەبان، چاوەڕێم بە... چاوەڕێم!

و: خدر ئیبراهیم خدر

له بارەی فەلسەفەی رەخنە

تۆرڤان، دواتر رەخنەگر

خوێندنەوەی: محەمەد وەسمان

دوور لە زاراوە گەلی پیشەزانانی رەخنە، پەیوەندی نێوان تۆرڤانی (ئەدەب) و رەخنە هاوشێوەی پەیوەندی نێوان نووسەرو خوێنەروایە.

وەک چۆن نووسەران لە ئاستدا بەرزو نزمیان تێدایە لە توانستی دەربڕین، بەهەمان شێوە خوێنەران بەرزو نزمیان تێدایە لە توانستی تێگەیشتن لەوەی دەیخوێننەوە.

گەر ئەو کەسەی توانستی نووسینی بەرچاو بێت، پێی دەڵێین نووسەر، بەهەمان شێوە ئەو خوێنەرەی توانستی لە تێگەیشتنی ئەوەی دەخوێنێتەوە بەرچاو و قووڵ بێت پێی دەڵێین رەخنەگر.

ئاکامی ئەم بۆچوونەش ئەمەیە: ئەو رەخنەگرەی بەرهەمێک دەخوێنێتەوە، لە روانگەی ڕاڕەو و بنەما گەلێک لەمەڕ رەخنە، ئامانجی سەرەکی خوێندنەوە لە دەستدەدات کە خوێندنەوەیە بۆ ئەوەی لە دەقەکە بگات.

رەخنە فرە رەهەندە، لەبەرئەوەی ئەوانەی لە هونەری خوێندنەوە دەگەن فرە رەهەندن لە تێگەیشتن لەمە یا لەوەی دیکە لەبەرهەمی وێژەیی. سەرەتا بەرهەمی وێژەیی دواتر جیاوازی لە تێگەیشتنی.

خوێنەر هەیە دەڵێت نووسەر باس لە واقیع دەکات، یەکێکی دیکە دەڵێت نەخێر ناخی خۆی وێنا دەکات، سێیەم دەڵێت نووسەر لە هەوڵی داهێنانێکی ئەدەبی نوێیە، نە هەڵکەوتوونە ناخی خۆیەتی.. بەمجۆرە رایەکان جیاوازن و کارە ئەدەبیەکە یەکە، دواتر لەم جیاوازییە لە راوبۆچوونەکان ڕاڕەوی رەخنە پەیدا دەبێت، بەڵام لێرەدا هەتا لە رەخنەش تێپەڕیوە بۆ شتێکی دیکە، دەتوانیت ناوی بنێیت فەلسەفەی رەخنە. رەخنە خوێندنەوەیەکی قووڵە، پەیوەستە بە کارێکی ئەدەبی دیاریکراوەوە، جۆرە خوێندنەوەیەکی باش وردبینانەی بۆ کراوە، رەخنەی بێ خوێندنەوە، واتە دوور لە شتێکی رەخنە لێگیراو، وەک دار لە هەوا چاندنە، بێ رەگ و ریشەیەک کە لە ناخی زەویدا رۆبچێت و بەوەوە نەشونما بکات.

مەبەستم لەم پێشەکییە ئەوەیە بەڕاستی هەندێ لە رەخنە گرانمان دێن ڕاڕەوە رەخنەییەکان دەخوێننەوە، کەم تا زۆر، دواتر ئەوەی خوێندوویانە ئەزبەری دەکەن تا چاک دەتوانن پێی بدوێن، کەچی دەبوایە سەرەتا بەرهەمە ئەدەبییەکە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بزانن چۆن تێیدەگەن، دواتر گەر لە تێگەیشتن هاوڕابوون یا جیاواز رایبگەیەنن، بۆ ئەوەی ئێمەی خوێنەرانی کە توانای شیکردنەوەو تێگەیشتنی قووڵمان نییە سوودیان لێوەربگرین.

گوتنەوەی ناوە گەورەکانی ڕاڕەوە رەخنەییەکان ئەو سوودەمان پێناگەیەنێت گەر لە بەرهەمە بەر خوێندنەوەکەوە نەبێت.

یەکێک لە دوو لایەنی سروشتی نووسینی ئەدەب و خوێندنەوەی رەخنەیی ئەوەیە: هەندێجار لە یەک چاخدا بەیەکەوە هەن، لەو کاتەیدا کە وێژەوانێکی گەورە هەیە خوێنەرێکی گەورەش هەیە، هەندێجاری دیکەش وێژەوانی بە توانا هەیە، بەڵام لە هاوچاخەکانی کەس نییە بگاتە ئاستی وی لە تێگەیشتن و شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن، لەو کاتەدا وێژە هەیە، بەڵام رەخنە نییە، هەندێجاریش خوێنەری بە توانست هەیە، بەڵام لە وێژەی هاوچاخەکانی بەرهەمێکی باڵا نادۆزێتەوە، ئەو توانستەی تێر بکات و پڕ بەم توانستە بێت، ئا لێرەدا رەخنە هەیە، بەڵام ئەدەب نییە، هەندێ جاریدیکە نەوێژەی شکۆدار هەیەو نە رەخنەی شکۆدار، کەواتە نەوێژە هەیەو نە رەخنە.

ڕەخنەی ئەدەبی ئاڕاستەی بەرهەمە ئەدەبییەکە دەکرێت نەک وێژەوان، بەرهەمی ئەدەبیش کاڵای رەخنەگرە کاری لەسەر بکات.

(لاپەڕەکانی ٢٢٧ لە کتێبی «لەبارەی فەلسەفەی رەخنە»ی د.زەکی نەیب مەحموود).



سکرتێری لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ (هاوڕێیان):

لە ماوەی ١٨ مانگی رابردوودا ١٨٥ داوای یاسایی لەسەر رۆژنامەنووسان تۆمار کراوە

رۆژنامەنووس (ئەنوەر حوسێن) ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و سکرتێری لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان و ئازادی رۆژنامەنووسی، وەکو کەسێکی ئەکتیڤ لە دیدارێکی تایبەتیدا لەگەڵ گۆڤاری هەرێمی کوردستان چەندین داتاو زانیاری گرنگ سەبارەت بە دنیای رۆژنامەگەری کوردی و رۆژنامەنووسان و ئەرکەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسان و لیژنەکەیان دەخاتەڕوو.

دیمانە/ ئاوات مەحمود سەعید- سلێمانی

*** کاری لیژنەکەتان چییەو چۆن بەرگری لە رۆژنامەنووسان دەکەن؟**

- سەندیکا لیژنەیەکی هەیە بەناوی (لیژنەی داکۆکی لە مافی رۆژنامەنووسان و ئازادی رۆژنامەنووس) ئەرکی داکۆکی کردنە لە رۆژنامەنووسان لەهەر کاتێکدا رووبەڕووی گرتن، لێدان، غەرامەکردن، سکاڵا، بێتەوە، ئێمە ئەگەر پێویست بکات پارێزەری بۆ دەگرین و داکۆکیشی لێ دەکەین رێگا نادەین زیندانی بکرێت تا ئەوەی کە دادگا بڕیار دەدات کە کەیسەکەی چی لێدێت، ئێمە داکۆکی لە هەموو رۆژنامەنووسێک دەکەین و لە راپۆرتی شەش مانگی لیژنەکەمان لە هەموو دنیا بڵاوی دەکەینەوە، تاوەکو ئێستاش سێ راپۆرتمان بڵاوکردۆتەوە لە ماوەی ١٨ مانگی رابردوودا، راپۆرتی چوارەممان لە ٢٠١٠/١/١ بڵاودەکەینەوە.

*** لە ماوەی ئەم ١٨ مانگەدا چەند داوای یاسایی لەسەر رۆژنامەنووسان تۆمار کراوە؟ چەند رۆژنامەنووس گیانی لە دەستداوە؟**

- لە ماوەی ئەم ١٨ مانگەدا ١٨٥ داوای یاسایی لەسەر رۆژنامەنووسان تۆمارکراوە، لەمانە ٣٠٠ کێشە بڵاوکراوەتەوە، (٥) رۆژنامەنووس

تیـرۆرکـراوە لە مـووسڵ و کـەرکـووک و رانیە.

*** بەڵام زۆر کـەسیش کـە کـەوتۆتە ناو کـاری رۆژنامـەنووسـیـیـەوەو پیـشـەی رۆژنامەنووس بەکارهێناوە بۆ ناو زڕاندنی خـــەڵکی و دوورە لـەئیـــتـــیـکی رۆژنامـــەنووســـیـــەوە، ئایا رەوایە سـەندیکای رۆژنامـەنووسانی کـوردسـتـان بێت و بەرگری لەمانە بکات؟**

– ئێـمـە هەر کـاتێک گـەیشـتـینە ئەو بڕوایەی کە رۆژنامەنووسێک پیشـەکەی بەمـەبەسـتی شـەخـسی بەکـارهێناوە یان لەئیتیک و کاری رۆژنامەنووسی لایداوە، ئێـمـە ناسنامـەی سـەندیکای لێ دەسـەنینەوەو لە ئەندامـێـتی سـەندیکا دەری دەکەین و بەهیچ جۆرێکیش بەرگری لێ ناکـەین و تا ئێـســتـاش چەند رۆژنامـــەنووســـێکمـــان بەو هۆیەوە دەرکردووە.

*** وەکو یارمـەتی مـادی تاکو ئێـسـتـا یارمـەتی چەند رۆژنامـەنووسـتـان داوەو مەرجەکانی یارمەتی دانیان چی بووە؟**

– لە مـاوەی چەند سـاڵی رابردوودا ســـەندیکا یـارمـــەتـی زۆر لەو رۆژنامەنووسانەی داوەکە نەخۆشبوون یان خەریکی نامەی ماستەرو دکتۆرا بوون یان هەڕەشەیان لێکراوەو پێویستییان بە یارمەتی هەبووە.... یارمەتیمان داون، یـارمـــــــەتـی (٢٠٠ بـۆ ٢٥٠) رۆژنامـــەنووســـمـــان داوە، جگە لەو رۆژنامـەنووسـانەی کـە شـەهـید بوون یارمەتییەکی چاکی ساڵانەیان دەدەین بۆ نموونە ئەمساڵ بەڕێز (مام جەلال) بۆ هەر بنەمـاڵەیەکی رۆژنامـەنووسی شـەهـید (٧٠٠ دۆلاری) بـۆ نـاردن، جـگـە لـە یارمەتی ساڵانەی (I.F.G) کە یارمەتی ساڵانەیان دەدات.

*** ئەی وەکـو چارەسـەری نەخـۆشی لە نەخۆشخانەی شۆڕش لە سلێمانی چی بۆ رۆژنامەنووسان دەکرێت؟**

– هەمـوو ئەندامـێکی سـەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردسـتـان لە سنووری سلێـمـانی پێـویسـتـی بە چارەسـەرو نەشـتـەرگـەری هەبێت بۆ خۆیان و بۆ براو

هەر رۆژنامەنووسێک پیشەکەی بۆ کاری شەخسی بەکاربهێنێ لە ئەندامێتی سەندیکای رۆژنامەنووسان دەری دەکەین و بەرگری لێ ناکەین

خـوشک و خـێـزان و بنەمـاڵەکـانی بە نووسـراوی سـەندیکا لە سلێـمـانی (نەخۆشخانەی شۆڕش لە سلێمانی) چارەسەرو نەشتەرگەریان بۆ دەکات کە ئەمـەش مـایەی رێزو سـوپاسـە بۆ نەخـۆشـخـانەی شـۆڕشی سلێـمـانی و پزیشکە بەڕێزەکـان و کـارمـەندەکـانی بەگشتی.

*** ئەی ئەوانەی پێـویسـتـیـیـان بە چارەسەر هەبێت لە دەرەوەی وڵات؟**

– لەسـەر داواکـاری ئێـمـە هەڤـاڵ مـام جەلال و کـاک نێـچـیـرڤـان بارزانی چەند رۆژنامـەنووسـێکـیـان ناردۆتە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەر.

*** ژمـارەی کـەناڵەکـانی راگـەیاندن لە هەرێمی کـوردسـتـان چەندەو زۆری و بۆریان چ زیانێکی هەبووە؟**

– لەسـەرتـاسـەری هەرێمی کـوردسـتـان ٨٠٨ کـەناڵی راگـەیاندن هەیە ٣٠٠ بۆ ٣٥٠ یان رۆژنامەو گـۆڤـارەکـانن، کە بە داخەوە هەندێکیان رووی رۆژنامەگەری کوردیان ناشـیـرن کـردووەو سـوکـایەتی بەژنان و خـێـزان و کـۆمـەڵگا دەکـەن، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە نیـــازە لەو بارەوە هەڵوێست وەربگرێت بەرامـبـەر بەو رۆژنامـەو گـۆڤـارانەی کـە کـەوتوونەتە سـوکـایەتی و ناو زڕاندنی خەڵک، دوایین بڕیاریش لێ سـەندنەوەی مۆڵەتەکانیانەو رێزیش دەگرین لەوانەی کە بەپێی ئیتیک و کاری رۆژنامەنووسی کاردەکەن.

*** ژمارەی ئەندامانی سەندیکا چەندەو ژمارەی لیژنەکانی و لقەکانی چەندە؟**

– سـەندیکای رۆژنامـەنووسـانی کوردستان لە ٢٠٠٣ وە یەکی گرتۆتەوە، تا ئێستا دوو کۆنگرەی بەستووە خاوەنی (٤١٦٤) ئەندامە کە نزیکەی (٢٥٠٠) یان ئەندامی کـــاران و (١٨٠٠) ئەندامیان ناسنامەی نێودەوڵەتیان هەیە، (٤٠٠ بۆ ٤٥٠) یان ژن و کچن، سەندیکای رۆژنامەنووسان خاوەنی سێ لیژنەیە (لیژنەی داکۆکی، لیژنەی مێینە، لیـژنەی وەرزشی) و خـاوەنی ٧ لقـە لەسەرتاسەری کوردسـتـان (سلێـمـانی، هەولێـر، دهۆک، کـەرکـووک، بەغـدا، مـووسڵ) و دوو نووسـینگەی هەیە لە (گەرمـیـان و سۆران) و بەشداری دوو کۆنگرەی (I.F.G) کـردووە لە یۆنان و مۆسکۆ.

*** راژەی رۆژنـامـــــــەنـووسـی لـە فەرمانگەکاندا حساب دەکرێت؟**

– خزمەتی راژەی رۆژنامەنووسیمان بۆ دەیان رۆژنامەنووس کردووە کە دەچێتە سەر مووچەکانیان، ئێستا لە هەوڵی ئەوەداین کە پەرلەمان یاسایەک دەربکات بۆ زیادکـردنی مـووچەی خـانەنشـینی رۆژنامـەنووسـان بۆ (٧٠٠,٠٠٠) هەزار دینار.

*** وەکو پێدانی زەوی نیشتەجێ بوون بۆ رۆژنامەنووسان چیتان کردووە؟**

– تا ئێـســتـــا (١٠٠٠) کـــەس سـوودمـەندبووە لە وەرگـرتنی زەوی لە شـارەکـانی کـوردسـتـان، هەر ئێسـتـاش بـڕیاری وەرگـــــرتنی زەوی بە (١٩٨) رۆژنامـەنووس لەلایەن کـاک نێـچـیـرڤـان بارزانیـیـەوە دراوە بە رۆژنامـەنووسـانی هەولێر، بەڵام تا ئێستا چاوەڕێی ئیفرازی زەوی دەکەن تا دابەش بکرێت، ئەو وەجبە تازەیەی کـە لە سلێـمـانی فـۆڕمـیـان پڕکـردۆتەوە چاوەڕێ دەکـرێت (دکـتـۆر بەرهەم) لە ئایینده‌یەکی نزیکدا بڕیاری لەسەر بدات.

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان فیستیڤاڵی سریانی سازکرد

بەچاودێری وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری سریانی لەهەفتەی رابردوو بۆ ماوەی سێ رۆژ لەهۆڵی پێشەوا فیستیڤاڵێکی رێکخست بەناوی (رۆڵی سریانی لە رۆشنبیری و کەلتووری عێراقدا) دەستپێکی فیستیڤاڵەکە بە وتەی کاوە محەمەد وەزیری رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێم دەستپێکرد تێیدا باسی رۆڵی سریانەکانی کرد لە رۆشنبیری کوردی بەتایبەتی و کەلتوور و رۆشنبیری عێراقی بەشێوەیەکی گشتی.

ئا: سەباح شێخانی

لەپەیامێکدا (فازڵ سامر) سەرۆکی یەکێتی ئەدیبانی عێراقی گوتی: رۆشنبیری و کەلتووری عێراق تەنها کەلتووری عەرەب ناگرێتەوە، بەڵکو کەلتوور و رۆشنبیری عێراق پێکهاتووە لە کەلتووری عەرەبی و کوردی و سریانی و تورکمانی و کەمینەکانی دیکە، هەروەها سەرۆکی یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی عێراق باسی رۆڵی نووسەر و رۆشنبیرەکانی سریانی کرد لەبەرز نرخاندنی رۆشنبیری عێراق.

دوای بەدوای ئەوەیش (ئیسماعیل بەرزنجی) جێگری سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد /لقی هەولێر لە ئاخاوتنێکیدا رۆڵی سریانی بەرز نرخاند هەروەها رۆڵی هونەرمەندانی سریانی دیاریکرد لە رۆشنبیری و هونەری کوردیدا کەتێیدا ئاماژەی بە (باکووری و ویلەم یوحەنا و سەباح هورمز و نوری بەترۆس و...هتد) کرد هەروەها گوتی: سریانەکان دەورێکی گرنگیان بینیووە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا و نموونەی بە (عەبدولئەحەد رۆفۆ) و (عەبدولمەجید یەعقوب) هێنایەوە. لە رۆژی یەکەمدا.

* ناجح ئەلمەعموری بابەتێکی پێشکەش کرد کەتێیدا باسی لە تایبەتمەندییە هاوبەشەکان کرد لە چیرۆکەکانی سەرگۆن پۆلص.

* (هادی ناصر) یش بابەتێکی پێشکەشکرد بەنێوی (شوێن لەلای سەرگۆن پۆلص).

* رۆبن بەیث شەموئیل وتارێکی پێشکەشکرد لەژێر ناوی (جێ پەنجەی سەرگۆن پۆلص لەکورتە چیرۆکی عێراقیدا).

لە رۆژی دووەمدا:

* زوهێر جەزائیری لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەشکرد بەنێوی (رۆڵی سریانی لە دامەزراندنی کۆمەڵەی وێژەیی کەرکووک)

* جیهاد مەجیدیش لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەشکرد بەنێوی (ئەدەبی ئافرەتانی سریانی- دکتۆرە سوهام ئەلرەسام... بەنموونە)

* دکتۆر سەعدی ئەلمالح لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەشکرد بەنێوی (رۆڵی سریانی لە ئەدەبی گەشتەکاندا).

* نزار حەنا لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەش کرد بەنێوی (فێرکردنی سریانی لەهەرێمی کوردستان).

* بەترس هورمزنیاتی لێکۆڵینەوەیەکی

پێشکەشکرد بەنێوی (رۆڵی قوتابخانە و زانایانی سریانی لە رۆشنبری عەرەبیدا)
* حوسێن جاف لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەشکرد بەنێوی (ئاسۆی خوێندن و پەروەردەی مەسیحی لە عێراق)
* سەباح هورمز لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەشکرد بەنێوی (رۆڵی یوسف عەبدولمەسیح لەرەخنەی شانۆی عێراقی)
* دکتۆر فەیسەڵ ئەلمیقدادی لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەشکرد بەنێوی (تیپی شانۆی سریانی لەنێوان بایەخ و پێویستیدا)
* ئیسماعیل سەکران لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەش کرد بەنێوی (شیعری سریانی: تیشکێکی مێژوویی و خوێندنەوەیەک)
* نوری پەترۆس لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەش کرد بەنێوی شیعری سریانی لەسەدەی سێزدەم.

لەرۆژی سێیەمدا:
* دکتۆر عیماد رەئوف لەبابەتێکدا باسی لە (مێژوونووسانی مەسیحی عێراقی لەسەدەی دواکەوتوودا)کرد.
* بنیامین حەداد لەبابەتێکیدا باسی لە (رۆڵی زمانەوانی سریانی لەدارشتنەوەی زاراوەی ئەدەبی و زانستی و هونەری لەسەردەمی عەباسی) کرد
* محەمەد عەلوان جەبر لەبابەتێکدا باسی لە (خوێندنەوەی کتێب : شارستانی کلدانی) کرد
* وەصفی حەسەن لەبابەتێکدا باسی لە (رۆڵی گۆرگیس لە پاراستنی مێژوو و شوێنەوار و رۆشنبیریدا کرد
* دکتۆر فائیق بەطی لەبابەتێکدا باسی لە (رۆڵی سریان لەرۆژنامەگەری عێراقیدا) کرد
* دکتۆر یوسف الطونبی لە بابەتێکدا باسی لە (رۆڵی سریان لە گەشەپێدانی عێراقی نوێ)
* دکتۆر بەهنام عەتا الله لەبابەتێکدا باسی لە (رۆژنامەگەری سریانی لە نەینەوا) کرد:
* کەمال غەمبار لەبابەتێکدا باسی لە (رۆڵی رموزەکانی سریانی لەرۆشنبیری کوردیدا....)کرد.
* دکتۆر سالم ئەترەقجی لە بابەتێکدا باسی (پەیوەندییە رۆشنبیرەکان لە نێوان تورکمان و سریان لە کەرکووک)

وەزیری رۆشنبیری و لاوان

سەعدی ئەلمالح

*** سەلمان ئەلجبوری لەبابەتێکدا باسی (یادگاری لەگەڵ ئەدیب و نووسەرانی سریانی) کرد:**
لەلێدوانێکی تایبەتدا دکتۆر سەعدی ئەلمالع بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری سریانی لە هەرێمی کوردستان بۆ گۆڤاری هەرێمی کوردستان گوتی: رۆڵی سریانەکان رۆلێکی دیاروبەرچاوە لە کەشەپێدان و بنیاتنانی خوێندن و پەروەردە لە عێراقدا لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەمدا وەک دەرکردنی بڵاوکراوەیەک لە ناوچەی زەهریدا لەساڵی ١٨٤٩ هەروەها دامەزراندن و دروستکردنی چاپخانەی بەردین لە عێراق لە پارێزگای موسڵ ساڵی (١٨٥٧) هەروەها دەرکردنی گۆڤاری (ئەکلیل الورد) ساڵی ١٩٠٢، هەروەها نووسینی یەکەمین کتێب لە بواری شانۆ لە عێراق ساڵی (١٨٨٠) هەروەها (مەتی عەقداوی یەکەمین سەرۆک زانکۆی بەغدا و حەنا خەیات یەکەمین وەزیری تەندروستی و (رووفائیل بەطی) یەکەمین رەخنەگری ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ لە عێراق ئەمانەو چەندانی دیکە کە لێرەدا دەرفەتی ئەوەنییە ناوی هەموویان بهێنین و ئاماژەیان پێ بکەین.

ئامادەکردنی: ڕۆژگار فازڵ

چاپکراوەکان

مرۆڤی گێل خواردەی گورگی لەڕە!

بابەت: چیـــرۆک بۆ منداڵان
نووسینی: حاجی مەمۆ
وێنە: مـــحـــەمـــەد بەردەسپی

یاخیبوون لە مەرگ

بابەت: شیعر
نووســـــینی: نەجم ئەڵوەنی
لە بڵاوکـــراوەکـــانی سەنتەری ڕۆشنبیری پایتـــەخت، ژمـــارە (١٥)

بیبلیۆگرافیای کوردناسی: کورد و کوردستان لە سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا

بابەت: بیبلیۆگرافیای شیکاری
نووســـەر: د.نەجـاتی عەبدوڵڵا
لە بڵاوکـــراوەکـــانی ئەکـــادیمیـــای کـــورد

المبادئ والاراء القانونیه فی قضـــاء مـحـکـمـه استئناف اربیل بصفتها التـمـیـیـزیه، ایجـار العـــقـــار للسنوات (١٩٩١- نـهـــــایه ٢٠٠٨)

ئامـادەکـردنی: پارێزەر حـوســامـەدین یاسین سەرداری
دیـــزایـــن و بـــەرگ: موئەیەد عومەر عەزیز

بەرەو یەکگرتنەوەی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی

نووسەر: ئازاد عەبدولواحید

ئەم کتێبە بەنرخە بریتیە لە چەندین وتاری بەپێز کە ئەمە یەکەمین جارنییە چاپی بینیوە، وە زۆر داواکـــــاری و پێـشـنـیـاری تێـدا بڵاوکـــراوەتەوە، وە پێـویـســتـە بایەخی پێبدرێت، وەکو بەڕێز مـــارف خـەزنەدار، لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی بەوەکردووە کە پێشنیارو داواکارییەکانی نووسەر جێبەجێ نەکراوەن، شایەنی گـــوتنە کـــە نووســـەری کـــتـــێب بەڕێز ئازاد عـەبدولواحـیـد، ئەم کـتـێـبـەی بە دیزاین و ناوەڕۆکێکی قەشەنگ لە وڵاتی لبنان لەسەر ئەرکی خۆی بە چاپ گەیاندووە.

ڕۆژنامەنووس

گـــۆڤـــارێکی وەرزی تایبـــەت بە کـــولتـــووری ڕۆژنامەنووسییە، کە لە هەر ژمارەیەکی کۆمەڵێک بابەتی تایبـــەت بە بواری ڕۆژنامـــەنووسی و کاری ڕاگەیاندنی بەپێـــزی تێـــدا بڵاودەکرێتەوە، ئەم جـــارەش بە هەمـــان قەبارەی ژمارەکانی ڕابردوو لە دووتـوێی (٣٤٨) لاپـــــەڕەی قەشەنگی پڕلە بابەتی بەپێز ژمارە (١٨)ی ئەم گۆڤارە کەوتە دەستی خوێنەران، شایەنی گوتنە (خاوەن ئیمـتـیـازی ئەم گـۆڤـارە بەڕێز فـەرهاد عەونی، و سەرنووسەری بەڕێز عەبدوڵڵا زەنگەنە، و جێگری سەرنووسەر خالید بەکر ئەیوب)ە.

هونەری هێڵکاری گیانداران

مێتۆدێک بۆ فێربوونی هێڵکاری

وەرگێڕانی لە ئینگیزییەوە: پەروین خدر ئیبراهیم
چاپ: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری/ هەولێر

ئەم کتێبە باس لە هونەری هێڵکاری گیانداران دەکات کە بەشێوەی وێنەو هێڵکاری بۆ خـوێنەران خـراوەتەڕوو، بەشێوەیەک کە هەرکەسێک ئارەزووی فـــێـــبـــوونی وێنەکێشانی گیاندارانی هەبێت دەتوانێت سوودێکی تەواو لەم کتێبە وەربگرێت، هـــەروەهـــا جـــگـــە لـــە هێکارییەکانی نێو کتێبەکە بە نووسراویش بە خوێنەر دەڵێت کە چۆن هەنگاوەکان ببڕێت و بتـوانێت وێنەکە بکێشێت، شایەنی باسە ئەم کتێبە زنجیرەی ژمارە (٤٢٤)ە لە چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە.



ڕەشید باجەلان

١٩٢٠ - ٢٠٠١

تێکۆشەرێکی دێرینی کوردایەتی

ئەم کـتـێـبـە خـۆیگرتووە لە ژیاننامەو باسکردن و وتاری نووسەران و ئەدیبان بە هەردوو زمانی کوردی و عـەرەبی لەمـەر تێکۆشـەر و نووسـەرو ئەدیبی کورد (ڕەشید باجەلان)، جگە لەمـــانـەش بۆ دەوڵەمەند کردنی کتێبەکە چەندین وێنەو وەزیفـــەو بەڵگەنامـــەی تایبـــەت بە (ڕەشید باجەلان) کراوەتە پاشکۆی کـتـێب، شایەنی باسە ئەم کتێبە لەلایەن خاتوو (بەهار ڕەشـــیـــد باجـەلان)، ئامـــادەکـــراوەو بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کـــــەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانی کوردی ئەرکی بەرهەم هێنانی ئەم کتێبەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە.



چلاواز

گۆڤارێکی تایبەت بە موزیک و گۆرانییە، هەموومانگێک بە کۆمەڵێک بابەتی بە پێز و هەمەڕەنگی تایبەت بە موزیک و گۆرانی دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەرانەوە، ئەمجارەش ژمارە (٤٥)ی ئەم گۆڤارە قەشەنگە بەدەستی خوێنەران گەیشت، لەم ژمارەیەدا چەند بابەتێکی بەبایەخی تایبەت بە موزیک و گۆرانی دەکەوێتە بەرچاو، شایەنی باسە ئەم گۆڤارە دەزگای مـوزیک و کـەلەپوری کـورد دەریدەکـات، ئێـمـەش هیـوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.

شانیا بە کوردی گۆرانی دەڵێت

ڕەوەند حاجی

دوای ئەوەی بۆ یەکەمین جار کچە دەنگ خۆشی بە ڕەگەز عەرەب شانیا هەستا بە ئامادەکردنی یەکەم ئەلبومی خۆی کە بە زمانی کوردی گۆرانییەکان دەچڕێت، ئەم ئەلبومەی شانیا لە (٩) تراک پێک دێت لەم بارەیەوە شانیا گوتی: ئەم ئەلبومە لە سەرئەرکی خۆم بەرهەم هاتووە کە نزیکەی (١٥٠٠٠) دۆلاری تێدا خەرج کراوە، لە بارەی ناوڕۆکی ئەلبومەکەش شانیا گوتی: ئەم ئەلبومەم لە(٩)تراک پێک دێت بە ناوی (جوانترین چاو)ە کە کاری میلۆدیەکانی سەرجەمیان هی هونەرمەند هەڵکەوت زاهیرە و تێکستەکانیش هی (دەرباز و هێمن قەسەرەی و دکتۆر ئاراس عبدلکریم وحەمە سەعید ئیبراهیم وشێرکۆبێکەس و ڕەنج سەنگاوی)ە ئەم ئەلبومەم کارەکانی بە کۆتا هاتووە تەنها کاری مایسترینگی ماوە، دواتر چاپ بکرێت و بڵاوبکرێتەوە.

هادی ڕەسوڵ ئەمجارە دەڵێت نەمزانی..!

هونەرمەندی لاو هادی ڕەسوڵ گۆرانییەکی نوێی بەناوی (نەمزانی) بەرهەم هێنا کە لە هۆنراوەی (ڕێدار سابیر)ە و لە ئاوازی (ڕێباز سەریاز)ە، کاری دابەشکردنی مۆسیقای لەلایەن (هەرێم محەمەد) بۆ کراوە، لە ستۆدیۆی (کەنار) تۆمار کراوە، هونەرمەند هادی ڕەسوڵ سەبارەت بەم ماوە زۆرەی بێدەنگی و تۆمارکردنی ئەم گۆرانییە گوتی: دوای سێ ساڵ لە نەبوونی بەرهەمی نوێم ئێستا ئەم گۆرانییەم تۆمارکردووە کە گشت کارە هونەرییەکانی تەواوبووە و بەشێوەیەکی زۆر جیاوازتر لە کارەکانی دیکەم ئەم گۆرانییەم بەرهەم هێناوە، بەستایلێکی زۆر نوێ و بەشێوەیەکی پڕۆفیشناڵ کارم بۆی کردوە، ئێستاش خەریکی ئەوەم کە لەگەڵ کۆمپانیایەک ڕێک بکەوم بۆ ئەوەی بچێتە قۆناغی کلیپ کردن، لە ماوەیەکی نزیک بەشێوەی کلیپ دەیخەمە بەر دیدی هەوادارانی گۆرانی کوردی، هیوادارم بە دڵی هەموو لایەک بێت.

ئا: سەرهەنگ غەریب

سالم ڕەمزی دوو گۆرانی بۆ ساڵی نوێ بڵاودەکاتەوە

گۆرانی بێژی لاو سالم ڕەمزی، بەنیازە دوو گۆرانی تازە بۆ ساڵی نوێ تۆمار بکات، کە یەکەمیان بەناوی (تۆ سووک دەڕۆی) کە لە تێکستی (نەریمان ئیبراهیم)ە، گۆرانی دووەمیش بە ناوی (ئەی هاواری ئەوینم) کە لە تێکستی (ڕائید شامل)ە، ئاوازو دابەشکردنی هەردوو گۆرانییەکە لەلایەن (هۆگر سەعید)ەوە کاری بۆکراوە، جێگەی ئاماژە پێدانە گۆرانی بێژ سالم ڕەمزی، تا ئێستا چەندین گۆرانی بڵاوکردۆتەوە.